بانکی ناوەندی عێراق مەهەتی بانکێکی ئێرانی هەڵدەوەشێنێتەوە

بانکی ناوەندی عێراق ئەمڕۆ دوشەممە ڕایگەیاند، بڕیارێکی داوە بەهەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی بانکی میللی ئێرانی بەهۆی بونی سزا نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئەو بانکە.

بانکی ناوەندی عێراق لە نوسراوێکدا کە ئاڕاستەی بانکی میللی ئێرانی کردوە ڕایگەیاندوە، "بە پشتبەستن بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەری ئەم بانکە ژمارە (185)ی ساڵی 2023، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زیانانەی لقی بانکەکە لە عێراق ڕوبەڕوویان بوەتەوە، لەڕوی ئەو چالاکییە سنوردارانەی کە پراکتیزەی دەکات، بەجۆرێك کە ناتوانێت کارەکانی فراوان بکات و چالاکیەکانی ئەنجامبدات".

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەو بانکە (بانکی میللی ئێران) هیچ سودێکی نییە بەردەوام بێت لە کارکردن لە ناوخێی عێراقدا، سەرەڕای ئەوەی خراوەتە لیستی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە، هەربۆیە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی لقەکانی ئەو بانکە لە عێراقدا.